**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**یاسای كارپێكردنی یاسای فیدراڵی هاتوچۆی ژمارە( ٨٦ )ی ساڵی ٢٠٠٤ لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٣٤) لە٢٠٠٧/١٢/١٢ بریارماندا بە دەركردنی:

## یاسای ژمارە( ٣٦ )ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای كارپێكردنی یاسای فیدراڵی هاتوچۆی ژمارە(٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤
## لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەكەم:**

یاسای فیدراڵی هاتوچۆی ژمارە(٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە هەرێمی كوردستان . عیراق دەخرێتەكارو كار بە حوكمەكانی دەكرێ.

**ماددەی دووەم:**

دەستەڵاتە تایبەتمەندەكان لە هەرێمی كوردستان . عیراقدا شوێنی دەستەڵاتە فیدارالیەكان لە هەر جێیەك لە یاسای ناوبراودا هاتبێ دەگرنەوە.

**ماددەی سێیەم:**

یاسای رێكخستنی غەرامەكانی هاتوچۆی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٠ و یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ كە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان . عێراقەوە دەرچوون، هەڵدەوەشێنەوە.

**ماددەی چوارەم:**

وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاریی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربچوێنی.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی شەشەم:**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێ گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاساییەدا ناكۆك بێ.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە دوای تێپەربوونی سیی ڕۆژ بە سەر بلاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێ.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عێراق**

**هەولێر**
٢٧/بەفرانبار/ ٢٧٠٧ كوردی
١٧/كانوونی دووەم / ٢٠٠٨ زایینی
٩ /موحەرەم/ ١٤٢٩ كۆچی

**ـ هۆیە پێویستیەكان ـ**

بەمەبەستی یەكخستنی ڕێكارە یاساییەكان لە بارەی یاساو ڕێسای هاتووچۆ و غەرامەكان لە كوردستان و وای لێ بكرێ گونجاو بێت لەگەڵ ئەوەی لە حكومەتی فیدراڵ كاری پێ دەكرێ و بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای هاتووچۆی ژمارە (٤٨)ی ساڵی ١٩٧١و هەموارکراوەكانی و لە پێناوی پێدانی شەرعییەت بەجێبەجێ كردنی یاسای ژمارە(٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە جیاتی هەموو یاسا جێبەجێ كراوەكان لە هەرێمدا لە بارەیەوە،ئەم یاسایە دەرچوێنرا.